# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 2000-7-1 دا بڵاوبۆتەوە.. ژمارە 246 یەکشەممە 2010-9-19

## نەژاد هاوکاری ئەردۆگان دەکات

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردوە کە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد، سەرکۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری رەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرکۆماری تورکیای کردوەو بڕی 25 ملیۆن دۆلاری پێشکەشکردووە.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوانە لەکاتی هەڵمەتی راپرسی لەسەر دەستووری تورکیا کە رۆژی 12ی ئەم مانگە بەڕێووەچوو، پارتی دادوگەشەپێدان کە رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکایەتی دەکات پێویستی بە هاوکاری هەبووە بۆیە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد هاوکاری ماددی پێکردوەو هەوڵی داوە ئەو پارتە لە ریفراندۆمەکەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ئاشکرابووە، دوێنێ کە ئەحمەدی نەژاد سەردانی دیمەشقی کردوە، هاوکاری ماددی پێشکەش بە بەشار ئەلئەسەد کردوە.

# لەبەرانبەر راگەیاندنی ئەنجامەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت عوسمان نیگەرانی و ناڕەزایی سەرهەڵدەدا

دوای ئەوەی رۆژی چوارشەممەی رابردوو، رێککەوتی 15ی ئەیلول ئەنجامی کارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی رفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس راگەیاندرا، بنەماڵەی سەردەشت و ژمارەیەک رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و حزبی و ژمارەیەک لە رۆژنامەوانان دەنگی ناڕەزایی خۆیان بەرزکردەوەو نیگەرانی خۆیان لە راگەیاندراوەکە دەربڕی و دەرئەنجامەکانیان بە نائومێدکەر نرخاندو رایانگەیاند کە ئێستا پرسیاری زیاتریان لەلا دروست بووە. لەو پێوەندەدا بەکر عوسمان برای سەردەشت عوسمان، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان، گروپی رۆژنامەنووسانی بێسنووری کوردستان، چاودێری کوردۆساید، ماڵپەری کوردستان نێت، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانی عێراق، کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکیکرن لە ئازادی، گروپی چەتری ئازاد لە لەندەن و چەندین گروپ و رێکخراوی دیکە بەیاننامەیان بڵاوکردەوەو ناڕازیبوونی خۆیان لەبەرانبەر ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە دیارکرد، تەنانەت هەندێک لەوان ئەنجامەکەیان رەتکردەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ژمارەیەک پەرلەمانتار خواستوویانە کە ئەو لیژنەیە بچێتە بەردەم پەرلەمان و لەوێ ئاکامی لێکۆڵینەوەکەی خۆی ئاشکرا بکات، چونکە بەبڕوای ئەو رێکخراوانە نارۆشنی لە لێکۆڵینەوەکەدا هەیەو دەبێ زیاتر بەدواداچوونی بۆ بکرێ.

## چاک لە نەتەوە یەکگرتوەکان بەشداری زنجیرەیەک کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دەکا

لە رۆژت 13ی ئەیلول تا 1ی تشرینی یەکەم خولی پازدەهەمی کۆبونەوە گشتییەکانی ئەنجومەنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، لە شاری ژنێڤ، ساز دەکرێت؛ چاودێری کوردۆساید مۆڵەتی بەشداریی لەو کۆبونەوانە پێدرا، هەروەها، بەشداریی کاراشی لەزنجیرەیەک کۆنگرە و سیمیناری نێودەوڵەتییدا کرد، کە لە لایەن(دامەزراوەی ئەلحەکیم)ەوە بەڕێوە دەبرێت. رێکخراوی ناوبراو پلەی راوێژکاریی لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا هەیە. بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو لە پەراوێزی کۆبونەوە گشتییەکانی ئەنجومەندا و هاوتەریب پێیان، زنجیرەیەک کۆنفرانس سازدەکات. کە نوێنەری وڵاتان و دۆستانی مافی مرۆڤ بەشداریی تێیدا دەکەن. رۆژی 16ی ئەیلول بەشداری لەیالۆگێک کرا و رۆژی 23یش بەشداری لە کۆنفرانسێکدا دەکات.

## هیومان رایتس وۆچ دەخوازێ کە عێراق رێگری لە ئازادی رادەربڕین نەکات

رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ داوای لە دەسەڵاتدارانی عێراق کردوە کە رێگری لە خۆپیشاندان و ئازادی رادەربڕین نەکەن، هەروەها دەستگیرکردن و راوەدونانی ئەنجامدەرانی خۆپیشاندان کۆتا بکات.

رێکخراوەکە خوازیارە کە هێزە ئەمنیەکانی عێراق رێز لە ئازادی کۆمەڵگە بگرن وهیز لە دژی خۆپێشاندەران بە کار نەهێنن.

هیومان رایتس وۆچ رێکخراوێکی تایبەتە وبەدواداچون بۆ مافی مرۆڤ لەجیهان دەکات، لەدواین راگەیاندراوی خۆیداوە نووسیویەتی: ئەوەی ئێستا لە عێراق رودەدات، هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە سەردەمی عێراقی کۆندا رویان دەدا. کاتێک عێراقیەکان دەیانەوێت گرنگی بە روداوەکانی وڵاتەکەیان بدەن، رامان و بۆچونی خۆیان دیار بکەن، بە شێوازی پێشوو چالاکوانان دەترسێندرێن و بێدەنگیان دەکەن ، بۆیە پێویستە دەرفەتیان پێ بدرێ و رێگەیان لێ نەگیرێ.

رێکخراوەکە چەندین نمونەی هێناوەتەوە و ئاماژەی بە خۆپێشاندانی خەڵکی عێراق کردوە کە لە هاوینی ئەمساڵدا بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەبەرامبەر کەمیی خزمەتگوزاری رژابوونە سەر شەقامەکان، بەڵام هێزەکانی حکومەت هێرشیان کردبوونە سەریان و چەندین کەسیان لێ دەستگیر کردبوون.

رێکخراوەکە دەڵێ: سەرکوتکردنی ئازادیی عێراقیەکان لەپاڵ ئەو نەهامەتیانەیە کە لە دوای جەنگەوە بینیویانە، مانای ناچارکردنیانە بۆ تەحەمولکردنی ئازارێکی دیکە، ئەمەش پەسند ناکرێ.

## دادگەی ئەوروپا سزای تورکیا دەدات

دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپا رۆژی 2010-9-14 خەمساری دەوڵەتی تورکیای لەهەمبەر تیرۆرکردنی رۆژنامەوان هرانت دینک راگەیاندو بریاری دا کە دەوڵەتی تورکیا قەرەبووی بنەماڵەی ئەو رۆژنامەنووسە تیرۆرکراوە بکاتەوە.

بەگوێرەی بڕیاری دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپا دەبێ دەوڵەتی تورکیا بڕی سەد هەزار یۆرۆ بە هاوسەری هرانت دینک بدات و پێنج هەزار یۆرۆش بە برای ئەو رۆژنامەنووسە تیرۆرکراوە بدات.

لەلایەکی دیکەشەوە دادگە ئاشکرای کرد کە تێچوونی بەڕێوەچوونی دۆسیەکە لە دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپادا لەئەستۆی دەوڵەتی تورکیا دەکەوێ، ئەویش بە هەزاران یۆرۆ مەزەندە دەکرێ.

جێی ئاماژەیە کە هرانت دینک، رۆژنامەوانێکی ئەرمەنی بوو، ،لە تورکیا دەژیاو دەوڵەتی تورکیای لەبەرانبەر قڕکردنی ئەرمەنیەکان بە تاوانبار دادەنا، بۆیە لە ساڵی 2007 لەلایەن تورکە رەگەزپەرستەکانەوە تیرۆرکرا.

دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپا دەوڵەتی تورکیای بەخەمسارد ناساند، چونکە هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا ناسنامەی بکوژەکانیان بۆ ئاشکرابوو، بەڵام هەنگاوی کردەییان بۆ بەسزاگەیاندنیان هەڵنەگرتبۆوە، بەوهۆیەوە بەخەمساردو کەمتەرخەم زانی و سزای دا.

## رۆژەڤ

بۆ ئارام و هێمن راگرتنی رەوشی ئاسایشی هەر وڵاتێک پێویست بە خۆماندووکردن و چڕکردنەوەی تواناکانی هێزی ناوەخۆی ئەو وڵاتە دەکات. هەرێمی کوردستانیش لەو یاسایە بەدەر نیە، بەوهۆیەوە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی کوردستان ئەرکیان سەخت و دژوارترە، چونکە هەرێمی کوردستان بۆتە ئامانجی تیرۆریستان و دەیانەوێ گۆمی ئاسایش و هێمنایەتی بشڵەقێنن و ترس و تۆقاندن لە دڵی خەڵکدا بڕوێنن، لەپێناو دووپات نەبوونەوەی رەوشی ئاواتەی رابردوو، گەرەکە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس خۆیان لە خواستەکانی جەماوەر بە دوور بەگرن. بۆنموونە لە کارەساتی رفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس و فێرخوازی زانکۆ نیگەرانی و دڵەڕاوکێ شارەکانی لەخۆی لوولدا، پەنجەی تۆمەت بۆ ئەموئەو درێژ کرا، دواتر بەڵێندرا کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت پێکبهێنرێ و بە روونی کارەکانی خۆی بخاتە روو، بەڵام کاتێک لە 15ی ئەیلول لیژنەکە سەرەداوێکی لەژێر ناوی ئەنجامی لێکۆڵینەوە راگەیاند، جارێکی دیکەش گۆمی رەوشی هێمنایەتی شڵەقایەوە، چونکە بەوهۆیەوە شەقامی کوردستان بەسەر دوو سەنگەری دژ بەیەک دابەش کرایەوە، هەندێک دڵنیایی لە ئاکامی لێکۆڵینەوە پێشان دەدەن و هەندێکیش نیگەرانی و ناڕەزایی دەردەبڕن، جا بۆ ئەوەی خەڵک لە ئارامی و دڵنیاییدا بژی، بۆئەوەی متمانە لەنێوان خەڵک و هێزەکانی ناوەخۆدا بەرقەرار بێ، پێویستە بەدواداچوون بۆ داخوازی خەڵکانی ناڕازی بکرێ، لیژنەکە وردتر کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و روونتریش وردەکاریەکانی لێکۆڵینەوەکەیان بۆ جەماوەر بخەنە روو. پێویستە هەڵسوڕاوانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بناسێندرێن تا خەڵک هاوکاریان بکات.


هەڤاڵ
رێکار ئەحمەد لە دیدارێکی گۆڤاری ئێوەدا
ل3

یەکپارچەیی عێراق.. خەونە لەمێژینەکە
ل5

ژنانی کوردستان بەراورد بەژنە پاسەوانەکانی قەزافی
ل6

بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەمیری قازی بڵاو دەبێتەوە
ل7